## هەڵسەنگاندنی گۆڤاری تایم

# بۆ بژاردەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لە ساڵی رابردوودا

گۆڤاری (Time)ی ئەمەریکی ساڵانە هەڵسەنگاندن بۆ زۆربەی بوارەکان دەکا، لەوەرزشەوە بگرە هەتا تەکنەلۆژیا، لە سیاسەتەوە بگرە هەتا زانست و زانکۆکان...تاد. لە باشترین بژاردەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لە دیدی گۆڤارەکەوە ئەم ئامێرانەن کە لێرەدا بەشێکیان باس دەکەین. گۆڤارەکە دەڵێت زۆر شتی باش لە ساڵی ٢٠١٨دا بەرهەم هاتن، بەڵام ئەوانەی کە داهاتووی مرۆڤایەتی بەرەو ژیانێکی باشتر دەبەن و کاریگەریان لە داهاتوودا دەبێت ئەو ئامێرانەن..

## ژیلیتێکی ریش تاشین بۆ پەککەوتان




گۆڤاری تایم لە هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ تەکنەلۆژیای نوێ گرنگی بەو ئامێرانەدا کە خزمەت دەکەن و بەتایبەتی بۆ ئەوانەی پەککەوتە یان کەم ئەندامن، یەکێك لەو ئامێرانە کە گۆڤارەکە باسی دەکات ژیلیتێك واتە موسێکی ردێن تاشینە بۆ ئەوانەی پەککەوتەن.

پەککەوتە و بەساڵداچووەکان ناچارن ئەرکی پاك و خاوێنی و ردێن تاشین بە کەسانی دیکە بسپێرن و ببنە سەرباری کەسانی دیکە، هەربۆیە کۆمپانیایەك هەستاوە بە بەرهەمهێنانی موسێکی ردێن تاشین تایبەت بە پەککەوتان. ژیلێتی جۆری TREO یەکەمین موسە بۆ پەککەوتان، ئەویش بریتییە لە ژیلێتێك کە سەرەکەی فڵچەی پێیەوەیە و دەکرێت کرێمی تایبەتیشی تێبخرێت. مرۆڤە پەککەوتەکان بە ئاسانی دەتوانن بەکاری بێنن بێ ئەوەی روخساریان بریندار بێت یان دەوروبەریان پیس بکەن.

## ریمۆت کۆنترۆڵێکی ئێکس

گۆڤاری تایم ئامێرێکی دیکەی وەك بژاردەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی ساڵی ٢٠١٨ ناساندووە، ئەویش ریمۆت کۆنترۆڵی یاری xboxە کە لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە بەرهەم هاتووە. زۆر کەس حەز دەکات دوگمەکانی کۆمپیوتەر، مۆبایل هەر ئامێرێکی دیکە بەکاری دێنێت گەورە بن، پەنجەکانیان گەورەترن لەخەڵکی ئاسایی، یان هەروەك خەڵکی ئاسایین بەڵام خۆیان حەز لە دوگمەی گەورە دەکەن، کەسانێك هەن





# کاتێک مرۆڤ دەفڕێت

خولیای مرۆڤ بۆ فڕین ڕەنگە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە سەری هەڵدابێ، کاتێك مرۆڤ دەبینێ باڵندەکان بە ئاسمانەوە دەفڕین، ئەویش بیری لە داهێنانی فڕین کردۆتەوە و بەرهەمەکەشی ئەو فڕۆکە و ئامێرانەن کە بەبێ گرفت بە ئاسماندا دەخولێنەوە، مرۆڤ دڵی بەوەندە دانەسکاوە و هەوڵیداوە داهێنانێك بکات کە خۆی ڕاستەوخۆ بفڕێت بەبێ ئامێری فڕین، نوێترین داهێنانی ئەم بوارەش جلوبەرگی تایبەت بە فڕینە، بەڕای گۆڤاری تایمی ئەمەریکی ئەمە سەرەتایەکە بۆ داهێنانێکی گەورە.

ئامێرەکە لە ڕاستیدا وەك جلوبەرگ لەبەر دەکرێت و زۆر وەك جلوبەرگی کەشتیوانی ئاسمانی دەچێت، جلوبەرگەکە خاوەنی پێنج مۆتۆری مینی جێتە، هێزی ڕاکێشانی ١,٠٥٠ ئەسپی هەڵمییە، چوار مۆتۆر لە دەستی بەکارهێنەرەکەیدان و مۆتۆرێکیش لە پشتەوە. بەهۆی ئەو جلوبەرگەوە دەکرێت بە خێرایی ٨٠ کیلۆمەتر لە ئاسماندا بفڕی.

دیارە ئەمە سەرەتایەکەو زیاتر وەك بیرۆکە دەچێت و بە زۆری بەرهەم نەهاتووە و تەنیا چەند دانەیەکی وەك تاقیکاری بەرهەمهاتوون و ئەگەر سەرکەوتن وەدەست بێنێ، لە ئاسماندا لەبری باڵندە هەر مرۆڤە و دەبینین دەفڕێت.




# ئامێرێک بۆ بزرنەبوون لە شوێنە قەرەباڵغەکان

کاتێك دەچییە شارێکی مەزن، بەتایبەت شارەکە هی وڵاتی خۆت نەبێ و شارەزای شارەکە نەبی، یان شاری خۆتە بەڵام زۆر قەرەباڵغە و لەو کەسانەی کە لەگەڵیان هاتویەتە شار بزر بوویە.. یان منداڵێکت پێیە و لە قەرەباڵغیدا بزر بووە و نایدۆزنەوە، لە کاتی وا دا چ ڕێگایەك دەگرنەبەر، جگە لە نیگەرانی و ماندووبوونی زیاتر هیچ ناکرێ.. بۆیە گۆڤاری تایم ئامێرێکی تایبەت بە دۆزینەوەی کەسەکان لە شوێنە قەرەباڵغەکان وەك بژاردەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی ٢٠١٨ دەستنیشان کردووە. ئەویش ئامێری LynQ. ئامێرە لە ڕاستیدا شوێن دۆزەرەوەیە و زۆر بچووکە و لە گیرفاندا هەڵدەگیردرێت و سیستەمی GPSی لەسەرە و هەتا ٨ کیلۆمەتر دەتوانێت ئەو کەسانەی ئامێری وایان پێیە بدۆزێتەوە. شاشەیەك لەسەر ئامێرەکە هەیە هەرکاتێك کەسەکەی دۆزیەوە لەسەر شاشە نیشانی دەدات و بە ئاراستە نوێن ڕێنوێنی شوێنەکەت دەکات.

# بۆکس بۆ پەنجە گەورەکان

لە جوڵەی پەنجەکانیاندا کێشەیان هەیە و بۆ دوگمەی بچووک نابن.

مایکرۆسۆفت هەوڵیداوە بە هاوکاری کۆمپانیایەکی دیکە کۆنترۆڵێکی نوێ بەناوی Xbox Adaptive بەرهەم بێنێ. دوگمەکانی ئەم کۆنترۆڵە چوارجار گەورەترن لە کۆنترۆڵێکی ئاسایی، شوێنێکی هەیە بۆ دانانی ڕیمۆت کۆنترۆڵ بە پێی، ئەوانەی کە پەنجەکانیان کار ناکەن دەتوانن بەپێیەکانیان کار بەم ڕیمۆتە بکەن.



# دەسبەندێکی سیحری هەستی گەرما و سەرمات پێدەبەخشێ

زۆر جار هەیە بێ ئەوەی کە کەش
و هەوا گۆڕابێ لە خۆوە هەست بە سەرما یان گەرما
دەکەی، لە ئۆتۆمبیلدا دانیشتووی ئەوانەی لەگەڵتدانە هەست
بە سەرما دەکەن و تۆش حەز دەکەی پەنجەرەکان بکەیەوە! ئەو ئامێرە
کە بەپێی گۆڤاری تایم لە ریزی بژاردەکانی تەکنەلۆژیای ٢٠١٨دا دێت و
وەك کاتژمێر لە دەست دەکرێت، هەستی گەرما و سەرمات پێدەبەخشێ، وا دەکات لە
گەرمای هاویندا هەست بە فێنکی بکەی و وەك ئەوە بێت پارچە سەهۆڵێکت لەدەستدایە
و لە سەرمای زستانیشدا وەك ئەوە بێت چایەکی گەرمت خواردبێتەوە.
ئامێری Embr Wave وەك کاتژمێر لەدەست دەکرێت، هەڵسەنگاندنی
گەرمای جەستەی بەکارهێنەرەکەی دەکات و ئەگەر نارێکی هەبوو لە
گەرمای جەستەت رێك دەخاتەوە، هەرکاتێك هەست بە گەرما و سەرما
بکەی ئۆتۆماتیکی وزەکە هەڵدەسەنگێنێ و سارد و گەرمت دەکاتەوە.
ئامێرەکە شەپۆلی گەرمی و ساردی راستەوخۆ بۆ مێشك دەنێرێت
و مێشکی بەکارهێنەر هەست بەوە گەرما یان سەرما دەکات. خۆی
لە ئەلەمینۆمێکی دژە ژەنگ دروستکراوە و بەهۆی موگناتیسەوە
لە دەستی بەکارهێنەردا دادەخرێ، تا ١٦ پلە ساردی و گەرمی
تێدایە، بەکارهێنەر دەتوانێت بەپێی گەرمای جەستەی خۆی
رێکی بخات و شەحن دەبێتەوە وە هەتا سێ رۆژ شەحنەکەی
دانابەزێت.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت قوتابی زانکۆم، چۆن دەکرێت کاتێك (بحث) ەکەم دەنووسم، پەراوێزەکان (هوامش) بە وردی بنووسم کە گشت پەراوێزەکان بکەونە کۆتایی (بحث)ەکە؟

خوێنەری بەڕێز لە پرۆگرامی wordدا بچو بۆ سەر بەشی References لەوێدا لە خوارەوە سەیر بکەی دەبینی بەشێك هەیە بەناوی footnotes ئەو بەشە دابگرە، endnotes دابگرە و پاشان فەرمانی end of document دابگرە. ئەوکاتە گشت پەراوێزەکان دەکەونە کۆتایی باسەکەت، بەڵام ئەگەر بەشی end of scion دابگری ئەوە ئەوا پەراوێزەکان دەکەونە بەشی کۆتایی هەر لاپەڕەیەك.
هەروەها لە خوار ئەو دەتوانی دیاری بکەی کە ئەو پەراوێزانەی دایان دەنێی بە ژمارە بن یان بە پێی پیتی ئەبجەدی یان بە شێوەی هێماو کارەکتەر.. لەبەشی footnotes دا هەرچی لەبارەی پەراوێزە دەتەوێ تێیدایە



## پرۆژێکتەرێکی مەزن بۆ نیشاندان بە کوالیتی بەرز

گۆڤاری تایمی ئەمەریکی لە ریزی بژاردەکانی ٢٠١٨ پرۆژەکتەرێکی LG داناوە. داتاشۆی جۆری LG CineBeam Laser 4K Projector بە بەراورد بەو داتاشۆیانەی بەرهەم هاتوون، قەوارەکەی گەورەیە و لە شوێنێکدا دەبێ جێگیر بکرێت وەك تیڤی ماڵەوە.
پرۆژکتەری ناوبراو لە تیشکی لەیزەر بۆ نیشاندانی فیلمەکان لەسەر دیوار سوود وەردەگرێ، مەودای نیشاندانی ١٥٠ ئینجە و بە کوالیتی k4 فیلمەکان نیشان دەدات.
داتاشۆیەکە راستەوخۆ بەهۆی وای-فایەوە لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و دوو پێگەی ئەلکترۆنی مەزنی تایبەت بە نیشاندانی فیلم لەگەڵ داتاشۆیەکە لە پەیوەندیدان ئەویش ماڵپەڕەکانی Netflix و huluیە، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێ بەرامبەر فیلمەکانیان لەو داتاشۆیەدا بڵاو دەکرێنەوە، دواتر بەشێك لە فیلمەکان دەبن بەخۆرایی.
پرۆژکتەرەکە لەگەڵ ئامێرەکانی تایبەت بە یاری ڤیدیۆییش پەیوەند دەدرێت و یاری ئەلکترۆنی بەمەودایەکی زیاتر لەسەر دیوار نیشان دەدات. کۆمپانیای بەرهەم هێن لەبارەی داتاشۆیەکە رایدەگەیەنێ ئێمە سینەما بۆ ماڵەکان دەگەڕێنینەوە، لەبری ئەوەی ئەندامانی ماڵەوە بۆ سینەما برۆن، سینەمامان بۆ ماڵەوە بۆ هێناون. کێشی داتاشۆیەکە ٨,٦ کیلۆیە، بە بەراورد بە داتاشۆیەکانی دیکە کێشی زۆری هەیە.



## ماڵپەڕێک بۆ دۆزینەوەی فیلمەکان

زانکۆکانی ئۆنلاین گەلێکن، ئەو زانکۆیانەی کە خوێندکار ناچێتە زانکۆ و بەڵکو بەشێوەی ئۆنلاین لەماڵ بێ یان لە هەر شوێنێکی دیکە وانەکانی دەخوێنێت و پاشان هەر بەشێوەی ئۆنلاین تاقیکارییەکانی ئەنجام دەدات و بروانامەی فەرمیشی پێدەدرێت.. یەکێک لە زانکۆ ئۆنلاینەکان، زانکۆی https://ocw.mit.edu/index.htm ـە، ئەم زانکۆیە زیاتر لە دوو هەزار خولی فێرکردنی قۆناغەکانی بەکالۆریوس و ماجێستری هەیە، وەک خولەکانی: ئەندازیاری بایۆلۆژی، ئابووری، زانستی پزیشکی، راگەیاندن و بەرێوەبەرایەتی.. خولەکان بە خۆڕایین و بەشێوەی دەق، دەنگ و وێنە دەگوترێنەوە. هەندێك لە خولەکان بۆ زمانەکانی دیکەش وەرگێردراون. دەکرێت زۆر لە خولەکانیش دانلود بکرێن..

## سپیکەری هارمن مەودای وای-فایش بە هێز دەکات

یەکێکی دیکە لە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای نوێ کە وەك بژاردەی ساڵی ٢٠١٨ی گۆڤاری تایم دەستنیشان کراوە، سپیکەری سمارتی هارمەن کاردەنە. سپیکەرەکە وەك سپیکەری بەهێزی ئەلیکسا وەڵامدەرەوەی فەرمانە دەنگییەکانە، بەڵام هەر ئەم کارە ئەنجام نادات. بەڵکو وەك ئامێرێکی بەهێزکردنی شەپۆلی وای-فاش سوودی لێوەردەگیردرێت.

سپیکەری جۆری orbi voice کە لەگەڵ مۆدێمی کۆمپانیا وەك دوانە و جمك سوودیان لێوەدەگیردرێت، ئەرکی یەکتر ئەنجام دەدەن. لەسەر سپیکەرەکە دوگمەی لەمسی تایبەت بە دەنگ و مایك هەیە و هەرچەندە بۆ زیادوکەمکردنی دەنگ دەکری لە مۆبایلیش سوود وەربگیردرێت، دەکرێت لە ماڵپەرەکانی تایبەت بە مۆسیقا و گۆرانی سوود وەربگیردرێت، چونکە راستەوخۆ پەیوەندی بەهۆی مۆدێمەکەی پەیوەندی لەگەڵ ئینتەرنێت هەیە.

orbi



## گەسکی کارەبایی یان رۆبۆتی خاوێنکەرەوە

چەند ساڵێکە کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن ئامێرەکانی خزمەتگوزاری ماڵەوە هۆشمەند بکەن، بۆ نموونە مەنجەڵێکی کارەبایی کە بکرێت لە دوورەوە فەرمانی پێبکرێت، خواردنەکەی ناوی لێبنێت، یان قاپ شۆر و جل شۆر لە دوورەوە کۆنترۆڵ بکرێن و یان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە ویستی خۆیان کار بکەن.. یەکێکی دیکە لەئامێرەکان گەسکی کارەباییە..

گۆڤاری تایم گەسکێکی کارەبایی وەك بژاردەیەکی ئامێری تەکنەلۆژیای ساڵی ٢٠١٨ ناساندووە، ئەویش گەسکی کارەبایی (iRobot Roomba i7+)ـە. ئەم گەسکە کارەباییە لە راستیدا رۆبۆتێکە کە خۆی ماڵەوە خاوێن دەکاتەوە، دواتر زبڵەکە لە عەلاگەیەکی تایبەت دەکات و لە شوێنی خۆی فرێی دەدات.

کاتێکیش رۆبۆتەکە خەریکی شەحنی تەواو دەبێت و ناتوانێ بە ئەرکەکانی هەستێت، گەسکێکی کارەبایی بچووك لەناو خودی رۆبۆتەکە دایە دێتەدەر و ئەرکە تەواو نەکراوەکانی جێبەجێ دەکات و وەك بێچووی کانگۆرۆ دەچێتەوە ناو زگی دایکیەوە! عەلاگە تایبەتییەکانی رۆبۆتەکە ئەوەندە گەورەن هەتا مانگێك پڕ نابن.